

# یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

## دەرەنجام و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی پرسی ئافرەت لە ڕۆژنامەگەریی کوردی تاوتوێ دەکات

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە (١٢١)ـەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا و لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین و بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان ٢٤، کۆنفرانسێکی زانستی بە ناونیشانی (پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا) بەڕێوەبرد، لە میانی کۆنفرانسەکەدا (٤) پانێڵ لە تەوەرەکانی (باڵانسی جێندەری لە میدیای کوردیدا، میدیا و بزووتنەوەی ئافرەتان، وێنای ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا و ئاڵنگارییەکانی بەردەم میدیاکارانی ئافرەت) لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایانی بواری میدیا و جێندەر و کۆمەڵناسی پێشکەش کران.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

جارێکی دیکە لە ٣ی تەممووزی ٢٠١٩ لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە ئامادەبونی کەسانی پسپۆڕ و بەئەزموونی بواری میدیا، دیدارێك بە مەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی راسپاردە و دەرەنجامەکانی کۆنفرانسی (پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا) رێکخرا، لەم دیدار و کۆبوونەوەیەدا دەربارەی چۆنیەتی هەنگاونان بۆ بەکردەیی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان و هەنگاوەکان گفتوگۆ کرا.

هەر لەو بارەیەوە د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «رۆژی٣ی تەممووزی ٢٠١٩، لە مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوەکەمان، لە رێکخستنی دیدارێکدا بە ئامادەبوونی کەسانی پسپۆڕ و بەئەزمونی بواری میدیا و پرسی ئافرەت بۆ مەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی راسپێری و دەرەنجامەکانی کۆنفرانسی (پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا)، کە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵیادی رۆژنامەگەریی کوردیدا و رێکخراوەکەمان بەرێوەی برد، لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ کرا دەربارەی چۆنیەتی هەنگاونان بۆ بە کردەیی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردنی گرنگیدان بە ئافرەت و پرسی ئافرەت و وێناکردنی پێگەی بۆ رای گشتی لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، سوپاس بۆ بەشداری پڕ بەها و بەسوودی مامۆستا و شارەزایانی بەشداربوو، هەروەها بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ رووماڵکردنی ئەم چالاکییە و چالاکییەکانی دیکەمان.» گوتیشی: «یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك رێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت، هەوڵ دەدات لە هەر بوارێکدا کاریگەری هەبێت لەسەر پێشکەوتن و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە رۆڵی جدی هەبێت، لەم نێوەندەشدا راگەیاندن، نەك تەنیا وەك ئامرازێکی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و گوزارەکردن لە بیروبۆچوون، بەڵکو وەك یەکێك لە هەرە گرنگترین ئامرازە کاریگەرەکان لەسەر کۆمەڵگە و دروستکردنی رای گشتی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە. لەم سۆنگەیەوە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە راگەیاندن دەدات و لە رێگەی چەندین ئامراز هەوڵدەدات رای گشتی لەبارەی پرسی ئافرەت هۆشیار بکاتەوە، لە سۆنگەی هەستکردن بەو کەموکورتییانەی کە لە میدیای کوردیدا بەدی دەکرێت، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئافرەت و ئاستی بەشداریی کەناڵەکانی راگەیاندن، سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکانی خانمان، سەرەڕای بوونی هەندێك خاڵی ئەرێنی و بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداریی ئافرەت لە میدیای کوردی بەراورد بە ساڵانی پێشتر، بەڵام تا ئێستا زۆربەی هەرە زۆری بەرێوەبەری دەزگاکانی راگەیاندن پیاوانن، زۆرجار کەناڵەکانی راگەیاندن سەرەڕای بانگەشەکانیان بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن بەرپرسیارانە و پرۆفیشناڵانە مامەڵ لەگەڵ پرسی ئافرەت ناکەن و بوار نادەن عەقڵ و دنیابینی ئافرەت بەشدارییەکی کارا لە رەوتی بەرێوەبردنی کەناڵەکە بکات، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم کۆنفرانسەدا ئامانجی دروستکردنی پردی پەیوەندییە لەنێوان رێکخراوەکان، بزووتنەوەی ئافرەتان بەتایبەتی و دەزگاکانی راگەیاندن بەگشتی، بۆ دارشتنی گوتارێکی هاوسەنگ بۆ پشتیوانی پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا.»

**زۆرجار کەناڵەکانی راگەیاندن سەرەڕای بانگەشەکانیان بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن بەرپرسیارانە و پرۆفیشناڵانە مامەڵ لەگەڵ پرسی ئافرەت ناکەن**

سەبارەت بە پێشنیار و بریار و راسپاردەکانی کۆنفرانسەکەشیان کە لەژێر ناوی (پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا) بەرێوەچوو، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گوتی: «یەکەم خاڵ دروستکردنی بۆردێك لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای راگەیاندن بوو. راسپاردەکانیش بریتی بوون لە چوار خاڵ، یەکەم: پێشکەشکردنی پرۆپۆزالی ئەنجومەنی باڵای میدیا، دووەم: دانانی بۆردێك بۆ چاودێریکردنی کەناڵەکانی میدیا لە سەر پێگە و رۆئیای ئافرەت، سێیەم: داواکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە ژمارەی کورسییەکانی بەشی راگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ ئافرەت وەرگرتن زیاتر بکات، چوارەم: داوا بکرێت وەزارەتەکان سیاسەتی یەکسانی دابرێژن.»

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە راگەیاندن دەدات و لە رێگەی چەندین ئامراز هەوڵدەدات رای گشتی لەبارەی پرسی ئافرەت هۆشیار بکاتەوە**

# بەرزبوونەوەی ژمارەی ئافرەتان لەکابینەی نوێی حکومەتدا بە ئاسۆیەکی ئومێدبەخشی حوکمڕانی لە قەڵەم دەدرێت


**لە پاش هەشت کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کابینەی نۆیەمدا بۆ یەکەمجار سێ ئافرەت پۆستی وەزیریان پێ دەسپێردرێت، چالاکانی مەدەنییش ئەوە بە ئاسۆیەکی ئومێدبەخشی حوکمڕانی لە قەڵەم دەدەن و هێما بۆ ئەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان بەرەو کرانەوەیەکی زیاتر بە رووی بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەڕوات. هەر لەوبارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



سەرەتا د. مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بەوە دەكات كە «ڕۆڵی ئافرەتان لە دەوڵەتداری و لەم قۆناغە هەستیارەدا دەبێتە فاكتەرێكی گرنگ، لە كاتێكدا ئەمڕۆ كوردستان بەرەو بەرەبەیانێكی نوێ هەنگاو دەنێت و گۆڕانكاریی زۆر گرنگ لە سەرجەم سێكتەرە هەستیارەكاندا ڕوودەدات، بە پێكهێنانی كابینەیەكی نوێ ئاسۆیەكی ئومێدبەخشی حوكمڕانی دەست پێدەكات.» هاوكات دەڵێت: «بێگومان بە پێی ئەزموونی كاركردنم وەك چالاكێكی بواری مافەكانی ئافرەتان بۆ ماوەی چەندین ساڵ، كاركردنم وەك سیاسەتمەدارێكی ئافرەت و ئەندامێكی ئەنجومەنی نوێنەران بەر لەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بەشداریی ئافرەتان لەم كابینە نوێیەدا بكەم و ڕاڤە لەسەر ئەو پرسە هەستیارە بكەم، پێمباشە سەرەتا سەرنجێكی بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری لە هەرێمی كوردستان بدەین و بەراوردی بكەین بە عێراق، یان هەر وڵاتێكی تری دراوسێ یان سیستەمەكانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەم سۆنگەیەوە دەكرێت بڵێین: هەرێمی كوردستان بەراورد بە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەبواری بەشداریكردنی ئافرەتان لە سیستەمی بەڕێوەبردن و سیاسەتدا هەنگاوی زۆر باشی ناوە، چونكە ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان بەشداریی كاریان لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵات هەیە، هەروەها بەشداریی بەرچاویان لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و ئافرەت و پرۆسەی حزبایەتی و بەشداریی لە پەرلەمان هەیە، تا دەگاتە بەشداریكردن لە دەوڵەتداری و حوكمڕانیدا كە تا ڕادەیەكی باش جێ پەنجەیان دیارە و نكۆڵی لێ ناكرێت. بێگومان بەشداریكردنی ئافرەتان لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا یەكێكە لە پرەنسیپە سەرەكییەكانی پێشكەوتنی هەر وڵاتێك، چونكە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەمڕۆ جەخت لەسەر بەشداریی ئافرەت لە كایە سیاسییە گرنگەكان و پێگە هەستیارەكان دەكەن و پێیانوایە دەركەوتنی ئافرەت لەم پرۆسەیەدا یەكێكە لە هەنگاوەكانی پێشكەوتنی وڵات، ئەگەر لەمبارەیەوە شرۆڤەیەك لەسەر هەرێمی كوردستان بكەین، دەبینین كە دەركەوتن و بەهێزبوونی پێگە و بوونی ئافرەت لە بەشداریی سیاسی بە ڕوونی هەستی پێ دەكرێت. ئەگەر باسی ئافرەتانی نێو پارتی دیموكراتی كوردستان بكەین و ڕاڤە بۆ بەشداریی ئافرەتانی پارتی لە نێو پرۆسەی سیاسی بكەین، ڕەنگە لێرەوە لەوێ هەندێك بۆچوون و پرسیار هەبێت، بەوەی ئایا بۆچی پارتی بەتەنیا یەك وەزیری ئافرەتی هەیە، لە كاتێكدا ڕێژەی كورسییەكانی دەگاتە ٤٥ كورسی؟ ڕەنگە ئەم پرسە ئەگەر لە ڕووی لۆژیكییەوە هەڵسەنگانی بۆ بكەین، وەڵامەكەی زۆر ئاسانە، چونكە پارتی دیموكراتی كوردستان هەمیشە پێشەنگی كوردایەتی و نیشتمانپەروەری بووە، تاكە پارتی سیاسیش بووە كە زۆرترین گرنگی بە بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدا داوە، ڕاستە پارتی دیموكراتی كوردستان خاوەنی ٤٥ كورسییە و ڕێژەی كورسییەكانی دوو هێندە و سێ هێندەی لایەنەكانی ترە، بەڵام پارتی هیچ كاتێك پۆست و پلەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بگرە هەموو كاتێك پارتی ویستوویەتی یەكڕیزیی نیشتمانی بپارێزێت و لەم پێناوەشدا زۆرترین قوربانی داوە، بۆ نموونە پارتی تەنیا هەشت وەزیری هەیە، لەكاتێكدا لایەنەكانی دیكە نیو هێندەی پارتی كورسیی پەرلەمانیان نییە بەڵام شەش وەزیر، یان پێنج وەزیریان هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە پارتی لە پێناوی یەكڕیزیی نیشتمانی زۆرترین قوربانی داوە و دەستبەرداری زۆربەی پشكەكانی خۆی بووە، بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك یەكڕیزیی نەتەوەییمان بپارێزێت.»

د.مەیادە نەجار، لە درێژەی بۆچوونەكانیدا هێما بۆ ئەوە دەكات كە «پارتی دیموكراتی كوردستان یەكەم حزبی سیاسیی كوردستانە كە ئافرەتی گەیاندووەتە ئاستی سەركردایەتی و تەنیا پارتی سیاسییە كە بە گرنگییەوە لە پرسی ئافرەتی ڕوانیوە و كاری لەسەر كردووە، پارتی بە درێژایی مێژووی بوونی كاری لەسەر پێگەیاندن و بەهێزكردنی ئافرەتانی بەتوانا كردووە، بۆ نموونە بۆ یەكەمجار ئافرەت لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی كوردستاندا لە ساڵانی پەنجاكاندا لەنێو پارتیدا گەیشتە ئاستی سەركردایەتی، هەروەها دوای ڕاپەڕینیش یەكەم پارتی سیاسی كە ئافرەتی گەیاندە ئاستی سەركردایەتی، هەر پارتی دیموكراتی كوردستان بوو.» گوتیشی: «كاتێك ئێمە باس لە بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی و دەوڵەتداری دەكەین، ڕاستەوخۆ تەنیا باس لە پۆستی وەزیر دەكەین، لە كاتێكدا پۆستەكان تەنیا پلەی وەزیر نییە و



د.مەیادە نەجار:

**پارتی یەكەم پارتی سیاسیی كوردستان و ناوچەكەیە كە ئافرەتی گەیاندە پۆستی سەرۆكی پەرلەمان و لە وڵاتانی دەورووبەریش هەنگاوی وا گەورە نەنراوە**



حەیات مەجید:


**پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حزبێک کە بڕوای بە مافی ئافرەت و تواناکانی لە پێگە ئیداری و سیاسی هەیە، لە کابینەی رابردووش تەنیا پارتی سیاسی بوو کە وەزیری ئافرەتی هەبوو**

پێویستە پۆستەکانی وەك راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزا و پۆستە هەستیارەکانی وەك تۆڕی دیپلۆماسی کە خۆی لە باڵیۆز و نوێنەرایەتییەکاندا بەرجەستە دەکات، لەبەرچاو بگرین، لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بوارەیاندا پێشەنگ بووە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئافرەتەکانی نێو پۆستە ناوەندییەکان کە باسم کرد، کادیری بەتوانا و چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستانن، بەپێچەوانەوە حزبەکانی دیکە ئەگەر ئافرەتێکی وەزیریان دەستنیشان کردبێت، ئەوا ئافرەتیان لە نێو ئۆرگانەکانی دیکە فەرامۆش کردووە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێچەوانەوە بەشداریی کارای بە ئافرەتان لەگشت ئۆرگانەکان کردووە، لەوانە پارتی یەکەم پارتی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەیە کە ئافرەتی گەیاندە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و لە وڵاتانی دەوروبەریش هەنگاوی وا گەورە نەنراوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە پێشتر ئافرەتانی پارتی بەشدارییان لە تۆڕی دیپلۆماسی و سیستەمی پەیوەندییەکانیش کردووە، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا یەك فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەیە کە لە شاری هەولێرە و بەڕێوبەرە گشتییەکەی ئافرەتە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتی گرنگی و بایەخی زۆر بە پێگەی ئافرەتان دەدات و ئافرەتانیش لەنێو پارتیدا بە بەرپرسیاریەتییەوە بەشداریی کارا لە پرسە چارەنووسسازەکاندا دەکەن، بۆ نموونە بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستاندا ئەوە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون کە بە دەنگی خۆیان بە بێ سیستەمی کۆتا گەیشتنە ئەنجومەنی نوێنەران، دەکرێت بڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لە خەبات و قوربانیدان و سەرخستنی پرۆسەی نیشتمانیی کوردستاندا زۆرترین قوربانی داوە، پارتی لە دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز و پاراستنی یەکڕیزیی نیشتمانیشدا پشکی شێری بەرکەوتووە، لە پرۆسەی پێشخستن و گرنگییدان بەتواناکانی ئافرەتانیش پێشەنگ بووە.

حەیات مەجید ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمە زۆر گەشبینین بەوەی کە ئەم کابینەیە کابینەیەکی سەرکەوتوو بێت و لە ئاستی خواست و داخوازییەکانی جەماوەر بێت، هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە لە رابردوودا بەسەرماندا هات، جارێکی دی روونەداتەوە، نەك هەر روونەداتەوە، بەڵکو گەشبینین بەوەی حکومەتی نوێ سارێژی ئەو برینانەش بکات کە خەڵکی کوردستان بە جۆرێك لە جۆرەکان بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانەکان بەسەریان هات، خەڵکەکە نیگەران بوون، بەداخەوە نارەزاییەکی زۆر هەبوو، پشت بە خوای گەورە هەموو شتەکان بەرەو باشی دەڕۆن و دۆخی کوردستان لە هەموو روویەکەوە باشتر دەبێت، هاوکات دڵخۆشین بەوەی بە پێچەوانەی کابینەی رابردوو کە تەنیا یەك ئافرەتی وەزیرمان هەبوو، لەم کابینەیەدا سێ ئافرەت وەزیرن، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان و جێگری دووەمیان ئافرەتن، بێگومان ئەو گۆڕانکارییانە دەستکەوتێکی گەورەن بۆ ئێمەی ئافرەتان و ناکرێ بە کەم سەیر بکرێن، بەخۆشحاڵییەوە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێك کە بڕوای بە مافی ئافرەت و تواناکانی لە پێگە ئیداری و سیاسی هەیە، لە کابینەی رابردووش تەنیا پارتی سیاسی بوو کە وەزیری ئافرەتی هەبوو، ئەوەش بە بەراوردکردن بە رابردوو خۆشحاڵی کردین، بەڵام لە ئاستی خواست و داخوازییەکانی ئافرەتانی کوردستان نییە، ئێمە تمووحی زیاترمان هەبوو و چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، رێژەی بەشداریی ئافرەت زیاتر بووایە، لەو سۆنگەیەوە دەکرێت رێکخراوەکانی ئافرەتان داوا لە حزبەکان بکەن ئافرەتی بەتوانا و خاوەن ئەزموونی زیاتر بهێننە پێشەوە، بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئەو خانمانە و هیواداریـن دۆزی ئافرەت بگەیننە شوێن و جێگەی خۆی.»

سنۆبەر سابیر رەشید ئەندامی دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، سەرەتا پیرۆزبایی لە کابینەی نوێ و خانمانی وەزیر بەتایبەتی دەکات، گەشبینیی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە «کابینەی نۆیەم کابینەی خزمەتگوزاری و گوێگرتن لە داواکاری هاووڵاتیان و داکۆکیی زیاتر لە مافەکانی ئافرەت دەبێت.» هاوکات دەڵێت: «هیوادارم هەموو تاکێکی ئەم کوردستانە خۆی لە چوارچێوەی ئەرك و مافەکانیدا ببینێتەوە.» گوتیشی: «لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی تازە، گەلەکەمان بە قۆناغێکی گرنگدا تێپەڕ دەبێت و کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەستیار لە ناوچەکەدا روودەدەن، هەر بۆیە پێویستە ئەو کابینەیە هۆشیارانە مامەڵ لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکات، دیارە کە پارتی دیموکراتی

کوردستان خاوەنی ٤٥ کورسیی پەرلەمانییە و خاوەنی زۆرترین رێژەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر حکومەت هەبووە و خۆشبەختانە بە هەوڵی جەنابی کاك مسرور بارزانی بە هاماهەنگی لەگەڵ سەرجەم پارتە سیاسییەکان و راوێژکردن بە ئەوان کەسانی شیاو بۆ پۆستەکان دەستنیشان کراون، بەتایبەتی ئەو وەزیرانەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دانراون، زۆربەیان باکگراوندێکی باشیان لە کاری ئیداری و حزبی هەیە، ئومێد دەخوازم کابینەی نۆیەم کابینەیەك بێ بە حەق خزمەتی هاووڵاتیان و کوردستانیان بکات و گەشبینم بەوەی کە کابینەیەکە لە ئاست داواکاریی هاووڵاتیان دەبێت، هاوکات بوونی سێ ئافرەت لەم کابینەیەدا بە ژمارەیەکی هیوابەخش دەزانم، ئەگەرچی ئەو ژمارەیە لە ئاست تمووحی ئێمەی ئافرەتاندا نییە، ئومێد دەکەم لە کابینەکانی داهاتوو رێژەی بەشداریی ئافرەت زیاتر بێت، ئێستاش دەکرێ کە کۆمەڵێك پۆستی دیکەی گرنگ ماون وەك: بریکاری وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان رەچاوی ئەوە بکرێت کە پشکی ئافرەتانی بەتوانای تێدا بێت، کورد چونکە شایانی پاڵپشتیکردنن، لە رابردووشدا ئافرەتی کورد مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییان بۆ خۆیان و وڵاتەکەیان تۆمار کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە پێشەنگ بووە لە پێدانی پۆست و پلە بە ئافرەت و دروستکردنی کەسایەتیی ئافرەت بۆیە گەشبینم بەوەی کە دۆخی ئافرەت بەرەو باشتر بچێت، هیوادارم ئەو ئافرەتە وەزیرە بەڕێزانەش بە کار و تێکۆشانیان نموونەیەکی جوان لە لێهاتوویی و کارامەیی ئافرەت پێشکەش بکەن، چونکە سەرکەوتنی ئەوان لە پۆستەکانیان دەبێتە هاندەر بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی زیاتر بۆ ئۆڕگان و ناوەندەکانی بڕیار، هەروەها هیوادارم خانمانی کوردستان شانبەشانی رێکخراوەکانی ئافرەتان پشتگیری ئەو سێ خاتوونە وەزیرە بکەن کە ئەمڕۆ دەنگ و رەنگی ئافرەتی کوردن لە نێو حکومەتدا.



سنۆبەر سابیر:

**هیوادارم خانمانی کوردستان شانبەشانی رێکخراوەکانی ئافرەتان پشتگیری ئەو سێ خاتوونە وەزیرە بکەن کە ئەمڕۆ دەنگ و رەنگی ئافرەتی کوردن لە نێو حکومەتدا.**

